گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گرفتی نەبوونی ڕێکخستنی یاسایی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان – عێراق و چارەسەرکردنی

**پ.ی.د. هیوا إبراهیم قادر حەیدەری**
بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hewa.qadir@su.edu.krd

**جنان مكرم أحمد برزنجي**
قوتابی ماستەر لە بەشی یاسا، فاکلتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق
jinan.mukaram@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/٢٥
پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/٢٥
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*Civil law, e-Contract, Legislative gap Kurdistan Region, Kurdistan Parliament*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.18

## پوختە

گرنگترین کێشەکانی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی ئەم جۆرە گرێبەستە وێڕای بوونی یاسایەکی تایبەت لە دەوڵەتی عێراقی ئیتیحادی، کە بریتییە لە یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (78)ی ساڵی 2012؛ ئەمەش کەلێنێکی یاسایی گەورەی دروستکردوە لە هەرێمدا، بەو شێوەیەی بۆتە هۆکاری ناسەقامگیریی لە ئەنجامدانی گرێبەستی ئەلیکترۆنی، لێرەدا چەند پرسیارێك دێنە ئاراوە، لەوانە: وێڕای بوونی یاسایەکی تایبەت بەم گرێبەستە لە عێراق ، بۆچی تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی بوونی نییە؟ ئایا یاسای عێراقی ئاماژەپێکراو بۆچی لە هەرێمی کوردستان بەرکار نەکراوە؟ ئایا یاسادانەری کوردستانی هیچ نیازێکی نییە یاسا عێراقییەکە لە هەرێمی کوردستان بەرکار بکات؟ یان یاسایەکی نوێی سەردەمییانە بۆ ڕێکخستنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان دەربکات؟ بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە خستنەڕووی گرفتی نەبوونی

ئەم ڕێکخستنە یاساییە و چۆنیەتی چارەسەرکردنی، دەرئەنجام بۆمان دەرکەوت باشترین ڕێگەچارە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی یاسایی تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بریتییە لە دەرچوواندنی یاسایەکی نوێی سەردەمیانە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

## پێشەکی

### پێناسەکردنی بابەتی توێژینەوە:

پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنی مرۆڤ لە بوارەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت وەرچەرخانێکی گەورەی هێنا ئاراوە، دوای سەرهەڵدانی مامەڵە و بازرگانی ئەلیکترۆنی شان بەشانی بازرگانی ئاسایی، جۆرێکی نوێی گرێبەست هاتەکایەوە، ئەویش گرێبەستی ئەلیکترۆنییە، کە هەمان گرێبەستی ئاساییە، بەڵام لە ڕێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان، ئەنجامدەدرێت. ئەم جۆرە گرێبەستە، وەك هەر پێشکەوتنێکی زانستی دیکە، وێرای لایەنی ئەرێنی، چەندین لایەنی نەرێنیشی هەیە، وەك کێشەی سەلماندنی گرێبەستی ئەلیکترۆنی و چۆنیەتی بەیەکگەیشتنی ئیجاب و قەبول لەم گرێبەستەدا، زۆری فرت وفێڵ تیایدا، کە مافەکانی بەکاربەری خستە بەردەم مەترسییەکی گەورەوە، بۆیە وڵاتانی جیهان پەیتا پەیتا هەڵسان بە ڕێکخستنی یاسایی ئەم جۆرە گرێبەستە.

### گرفتی بابەتی توێژینەوە و پرسیارەکانی:

تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان – عێراق هیچ ڕێکخستنێکی یاسایی نییە بۆ گرێبەستی ئەلیکترۆنی، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی کەلێنێکی یاسایی گەورە بەجۆرێك متمانەی خەڵکی بەگرێبەستی ئەلیکترۆنی زۆر لاوازکردووە و لە چەندین حاڵەتدا بەکاربەر مافی خوراوە، بەبێ ئەوەی دەرەچەیەکی یاسایی هەبێت پشتی پێببەستێت، جگە لە چوارچێوەی یاسایی گرێبەستی ئاسایی لە یاسای عێراقیدا، کە ئەمەش لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم کەلێنە یاساییە پڕناکاتەوە، لەبەر بوونی چەند خاڵێکی جیاوازی جەوهەری لە نێوان گرێبەستی ئاسایی و گرێبەستی ئەلیکترۆنیدا.

لێرەوە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی بۆچی تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بەگرێبەستی ئەلیکترۆنی نییە؟ و چۆن ئەم کەلێنە یاساییە پڕ بکەینەوە؟

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە، خستنەڕووی واقیعی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان – عێراق و تیشك خستنەسەر گرفتی نەبوونی ڕێکخستنی یاسایی ئەم گرێبەستە، دیارخستنی هۆکارەکانی و ئینجا دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئەم کەلێنە یاساییە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوە پشتمان بەستووە بە میتۆدی شیکاریی دەقە یاساییە پەیوەندارەکان، و میتۆدی وەسفکردنی واقیعی ئەم گرێبەستکردنە لە هەرێمی کوردستان – عێراق ئەویش لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسییێکی تایبەت بەم گرێبەستە بۆ زیاتر خستنەڕووی گرفتەکانی بەردەم ئەنجامدانی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**پەیکەربەندی توێژینەوە:**

توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ سێ تەوەری سەرەکی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- گرفتەکانی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.
2- هۆکاری نەبوونی ڕێکخستنی یاسایی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.
3- بەرەو ڕێکخستنی یاسایی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.

## 1- گرفتەکانی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

بۆ تیشك خستنەسەر گرنگترین گرفتەکانی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، سەرەتا بەپێویستی دەزانین بەکورتی پێناسەی گرێبەستی ئەلیکترۆنی بکەین لەگەڵ باسکردنی تایبەتمەندی و سروشتە یاساییەکەی، ئینجا دێینە سەر باسی واقیعی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان و گرفتەکانی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-1 پێناسەی گرێبەستی ئەلیکترۆنی وتایبەتمەندییەکانی

بەپێی ماددەی (1/یازدەم)ی یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکانی عێراقی ژمارە (78)ی ساڵی 2012[1]، گرێبەستی ئەلیکترۆنی بریتییە لە بەیەکگەیشتنی ئەو ئیجابەی لە لایەن لایەنێکی گرێبەستەوە خراوەتەوە روو، بە قەبوڵکردنی لایەنەکەی دیکە، بەو شێوەیەی ئاسەواری دەکەوێتەوە سەر ئەو شتەی گرێبەستی لەسەرکراوە بەڵام بە ئامرازێکی ئەلیکترۆنی ئەنجامدەدرێت.
لەم پێناسەیەدا بۆمان دەردەکەوێت یاسادانەری عێراقی هەمان پێناسەی گرێبەستی هاتوو لە ماددەی (73)ی یاسای مەدەنی عێراقی ژمارە (40)ی ساڵی 1951دا بۆ گرێبەستی ئەلیکترۆنی بەکارهێناوە، تەنها دەستەواژەی (بەئامرازێکی ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێت) بۆ زیادکردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە گرێبەستی ئەلیکترۆنی هەمان گرێبەستی ئاساییە لە ناوەڕۆك و پێکهاتە و حوکمەکانی، تەنها جیاوازیەکەی ئەوەیە ئەم گرێبەستە، واتە گرێبەستی ئەلیکترۆنی بە ئامرازێکی ئەلیکترۆنی ئەنجامدەدرێت. بە واتایەکی دیکە هەر گرێبەستێك بە ئامرازێکی ئەلیکترۆنی ئەنجامبدرێت ئەوا دەبێتە گرێبەستێکی ئەلیکترۆنی.
سەبارەت بە پێناسەی یاساناسان بۆ گرێبەستی ئەلیکترۆنی، بیروڕای جیاواز هەیە، بە جۆرێك بەشێکی زۆریان خۆیان لەوە لاداوە کە پێناسەی گرێبەستی ئەلیکترۆنی بکەن، تەنها وای بۆچوون، کە هەڵسوکەوتی بازرگانی ئەلیکترۆنی بوونی هەبێت، لە بەرامبەردا بەشێکی دیکەی یاساناسان پێناسەی گرێبەستی ئەلیکترۆنیان کردووە بەوەی کە ئەو گرێبەستەیە کە لە ڕێگەی تۆڕەکانی پەیوەندی سەردەم ئەنجامدەدرێت، ئەم گرێبەستەش شێوازی زۆری هەیە، کە لایەنەکانی گرێبەست پێشکەشی یەکتری دەکەن لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە[2].
بەشێکی دیکەشیان پێناسەیان کردوە، بەوەی ئەو گرێبەستەیە لە دوورەوە دەبەسترێت لە نێوان دوو کەسی ئامادەنەبوو، بە بەکارهێنانی نێوەندە ئەلیکترۆنییەکان، جا هەر جۆرە ئامێرێك یان داتایەکی

[1] لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە (4256) لە ڕێکەوتی 2012/11/5 بڵاوکراوەتەوە.
[2] د. سامح عبدالواحد التهاني، التعاقد عبر الإنترنيت، دار الكتب القانونية، مصر، 2008، ص18؛ د.ندى زهير الفيل، إبرام العقد الإلكتروني من قبل المعوق بكلتا يديه، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد (١٤)، العدد (٥١)، ٢٠١١، ص ٦.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردەمییانە بێت[3]. هەروەها پێناسەی گرێبەستی ئەلیکترۆنی کراوە، کە بریتییە لە رێککەوتنێك تیایدا ئیجاب و قەبول بەیەکدەگەن لەسەر تۆڕێکی نێودەوڵەتی کراوە بۆ پەیوەندیکردن لە دوورەوە ئەویش بە ئامرازێکی بیستراوی بینراو[4].

کەواتە، گرێبەستی ئەلیکترۆنی ئەو گرێبەستەیە، کە بەرێگەی ئەلیکترۆنی سەردەمییانە ئەنجامدەدرێت لەنێوان دوو کەس یا زیاتر، جا لە یەك وڵات بن یان وڵاتی جیاواز، بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێك، کە لە دەرئەنجامەکەی شوێنەوارێکی یاسای لێدروست ببێت.

هەروەها گرێبەستی ئەلیکترۆنی چەندین تایبەتمەندی هەیە کە لە گرێبەستی ئاسایی جیایدەکاتەوە، بە جۆرێك شێوازێکی تایبەتی پێدەبەخشێت، ئەم تایبەتمەندییانەش بریتین لە:

**یەکەم**- گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە رێگەی بوونی نێوەندێکی ئەلیکترۆنییەوە ئەنجامدەدرێت: واتە لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن ئەنجامدەدرێت[5]. بەپێی ماددەی (1/هەشتەم)ی یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکانی عێراقی، نێوەندی ئەلیکترۆنی بریتییە لە پرۆگرامی کۆمپیوتەر یان هەر ئامرازێکی دیکەی ئەلیکترۆنی بەکارهاتوو بەمەبەستی جێبەجێکردنی رێکارێك یان وەڵامدانەوەی بۆ دروستکردنی یان ناردنی یان وەرگرتنی زانیاری.

**دووەم**- گرێبەستی ئەلیکترۆنی یەکێکە لەو گرێبەستانەی کە لە دوورەوە ئەنجام دەدرێت: واتە لە نێوان دوو کەس لە دوو شوێنی جیا ئەنجامدەدرێت، بە جۆرێك زوربەی کات وا دەرەخسێت، کە لەوانەیە ئەو کەسانە یەکتریشیان نەبینیبێت تەنها بەرژەوەندییێك کۆیانبکاتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە لە دوورەوە ئەم گرێبەستانە ئەنجامدەدرێن، بەڵام زۆربەی کات بە ئامادەبوونی لایەنەکان ئیجاب و قەبول

---

[3] د. مصطفى أحمد أبو عمرو، مجلس العقد الإلكتروني، دراسة مقارنة، دارالجامعة الجديدة، الإسكندرية، 2011، ص28.

[4] عبدالرحمن بن عبدالله السند، الأحكام الفقهية للتعاملات الإلكترونية، ط1، دار الوراق، الرياض، 2004، ص125.

[5] يحيى يوسف فلاح حسن، التنظيم القانوني للعقود الإلكترونية، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين، 2007، ص17؛ د.خالد ممدوح إبراهيم، إبرام العقد الإلكتروني، ط1، دار الفكر الجامعي، بيروت، 2008، ص77؛ د. محمد حسين منصور، المسؤولية الإلكترونية، دار الجامعة الجديدة، الإسكندرية، 2003، ص18.

لە یەك كاتدا یەكدەگرن[6] بەڕێگەی نێوەندە ئەلیكترۆنییەكان، ئەمەش دەكەوێتە ژێر ناونیشانی (مجلس عقد حكمي وافتراضي)، بەمەش زۆربەی كات گرێبەستی ئەلیكترۆنی لە نێو ئەو گرێبەستانە هەژمار دەكرێت كە (التي تتم بين حاضرين في الزمان، وبين غائبين في المكان)[7].

**سێیەم**- گرێبەستی ئەلیكترۆنی زۆربەی كات نێودەوڵەتییە: لە گرنگترین بنەماكانی نێوەندە ئەلیكترۆنییەكان ئەوەیە، كە گرێبەستی ئەلیكترۆنی بە بڕینی سنوری هەموو وڵاتێك ئەنجامدەدرێت، بەبێ ڕەچاوكردنی سنوری سیاسی نێوانیان، لەبەر ئەوەی تۆڕی ئەنتەرنێت تۆڕێكی جیهانییە[8]، ئەمەش كارئاسانی دەكات بۆ ئەنجامدانی گرێبەست لە نێوان تاكەكان لە جیهاندا، كە زۆر جار وادەبێت هەر لایەنەو لە وڵاتێكی جیاوازە[9].

**چوارەم**- سەلماندن لە گرێبەستی ئەلیكترۆنی پێویستی بەشێوازێكی تایبەتە. سەلماندن لە گرێبەستی ئاسایی ئاسانترە، لەبەر ئەوەی پەنجەمۆر یان واژوو لەسەر ئەو نووسراوانە دەكرێت، كە ناوەڕۆكی گرێبەستەكەن، بەمەش دواتر بەڕێگەكانی سەلماندنی ئاسایی دەتوانرێت بسەلمێنرێت، بەڵام گرێبەستی ئەلیكترۆنی لەم بارەیەوە جیاوازە[10]، بەپێی ماددەی (4/یەكەم)ی یاسای واژووی ئەلیكترۆنی و مامەڵە ئەلیكترۆنییەكانی عێراقی، واژووی ئەلیكترۆنی بە ڕاست هەژماردەكرێت، ئەگەر دەرچووبێت لە پێگەیەك هەموو مەرجەكانی دیاركردنی ڕەگەزنامەی پێگەكە ئاماژەبدەن بەوەی

---

[6] آمانج رحيم أحمد، التراضي في العقود الإلكترونية عبر شبكة الإنترنت، دراسة تحليلية مقارنة، ط1، دار وائل للنشر، عمان، 2006، ص74؛ د. صالح المنزلاوي، القانون الواجب التطبيق على عقود التجارة الإلكترونية، دار الجامعة الجديدة، الإسكندرية، 2008، ص21.

[7] محمد عمر علي، شكلية الانعقاد في التعاقد الإلكتروني، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة صلاح الدين – أربيل، 2016، ص27.

[8] سمير حامد جمال، التعاقد عبر تقنيات الاتصال الحديثة، دراسة مقارنة، ط1، دار النهضة العربية، القاهرة، 2006، ص74.

[9] د. خالد ممدوح إبراهيم، مصدر سابق، ص77؛ د. إبراهيم الدسوقي أبو الليل، الجوانب القانونية للتعاملات الإلكترونية، ط1، جامعة الكويت، 2003، ص72.

[10] لما عبدالله صادق سهلب، مجلس العقد الإلكتروني، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين، ٢٠٠٨، ص٢٧.

ڕەزامەندی دراوە بۆ ناوەڕۆکی گرێبەستە ئەلیکترۆنییەکە، بەپێی ڕێکەوتنی پێگەکە و بۆنێردراو بۆ دیارکردنی ڕێوشوێنی کرداره ئەلیکترۆنیەکە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە سەلماندنی گرێبەستی ئەلیکترۆنی جیاوازه.

## 2-1 سروشتی یاسایی گرێبەستی ئەلیکترۆنی

یاساناسان وای بۆدەچن کە گرێبەستی ئەلیکترۆنی گرێبەستێکی بازرگانی بێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەشەوە ناوی گرێبەستی بازرگانی ئەلیکترۆنیان بە گرێبەستی ئەلیکترۆنییەوە ناوە بەوەی زۆربەی ئەو گرێبەستانەی لەڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە ئەنجامدەدرێن بۆ مەبەستی بازرگانییە، بەڵام ئەم بیروڕایە دەتوانین بڵێین لە زەمانی زوو بوو، لە ئێستادا دەکرێت گرێبەستی ئەلیکترۆنی بازرگانی بێت یا مەدەنی یاخود کارگێری بێت[11].

لەلایەکی دیکە بەشێکی یاساناسان وای بۆدەچن کە گرێبەستی ئەلیکترۆنی گرێبەستی (ملکەچبوون)ە و بەشێکی دیکە دەڵێن گرێبەستێکی ڕەزامەندییە، و بەشی سێیەم بۆچوونیان وایە کە سروشتی ئەم جۆرە گرێبەستە تێکەڵە لە نێوان گرێبەستی ملکەچبوون و گرێبەستی ڕەزامەندی[12].

**یەکەم-** گرێبەستی ئەلیکترۆنی گرێبەستی ملکەچبوونە: لەو گرێبەستە لایەنی دووەم یان دەبێت بە تەواوی مەرجەکان بەبێ هیچ گفتوگۆیەك ڕازی بێت یان هەموو گرێبەستەکە بە تەواوی ڕەتبکاتەوە[13]، زۆربەی یاساناسانی فەرەنسی و عەرەبی بۆ ئەوە دەچن کە گرێبەستی ئەلیکترۆنی گرێبەستێکی ملکەچبوونە، چونکە کاتێك لایەنی دووەم ئەیەوێت گرێبەستێك لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە ئەنجام

---

[11] د.قيدار عبدالقادر صالح، إبرام العقد الإداري الإلكتروني وإثباته، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد (10)، العدد (37)، 2008، ص157؛ د.مصطفى أحمد أبو عمرو، مصدر سابق، ص40.

[12] د. رباحي أحمد، الطبيعة القانونية للعقد الإلكتروني، جامعة حسيبة بن بو علي، شلف، الجزائر، ص100.

[13] د. عبدالرزاق أحمد السنهوري، الوسيط في شرح القانون المدني، ج2، دارالفكر، بيروت، 1998، ص281؛ بسمان نواف الراشدي، عقود التجارة الإلكترونية وقواعد إبرامها، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، 2015، ص44-45؛ محمد أمين الرومي، النظام القانوني للتحكيم الإلكتروني، ط1، دار الفكر الجامعي، الإسكندرية، 2006، ص15.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بدات هەموو ئایکۆنەکانی تایبەت بە نرخ و جۆر و بابەتەکەی بۆ دیارکراوە کە ئەو ناتوانێت هیچ بکات تەنها پەنجە بەسەر ئایکۆنی رازی بوون دابگرێت، یاخود پەنجە بەسەر رازی نەبوون دابگرێت[14].

**دووەم**- گرێبەستی ئەلیکترۆنی گرێبەستی رەزامەندییە: بەشێك لە یاساناسان وای بۆ دەچن کە گرێبەستی ئەلیکترۆنی گرێبەستی ملکەچبوون نییە لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای رەزامەندیە و بنەمای دەسەڵاتی ویست و رەزامەندی رۆڵێکی سەرەکییان هەیە لەبەستنی ئەم جۆرە گرێبەستە[15]. چونکە لایەنی دووەم دەتوانێت لە گرێبەستەکە پاشگەزببێتەوە ئەگەر هاتوو شتەکەی بەدڵ نەبێت و دەتوانیت بڕوات شتێکی دیکە بۆخۆی هەڵبژێرێت لە فرۆشیارێکی دیکە، کە مەرجەکانی بەدڵ بێت[16]. هەروەها گرێبەستی ئەلیکترۆنی دوورە لە قۆرخکردن[17].

**سێیەم**- گرێبەستی ئەلیکترۆنی گرێبەستێکی تێکەڵە: لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە، سروشتی گرێبەستی ئەلیکترۆنی تێکەڵە لە نێوان گرێبەستی ملکەچبوون و رەزامەندی[18]، ئەم لایەنەش پشت بەوە دەبەستن، کە ئەو گرێبەستانەی لە ماڵپەڕەکانەوە ئەنجامدەدرێت بەجۆرێك ئەگەر ئاراستەکراو بێت بۆ جەماوەر، واتە ماڵپەڕەکان کاڵاکانیان نمایش بکەن و نرخ و جۆر و بڕ و هەموو مەرجەکانی تایبەت بە گرێبەستکردن دیاری بکەن، کە لایەنی دووەم نەتوانێت هیچ گفتوگۆیەکی لەسەر بکات، بەڵکو تەنها ملکەچ بێت بە مەرجەکان و ڕازی بێت پێی[19]، بۆ نموونە وەکو کڕینی کاڵا لە ماڵپەڕەکانی (eBay, Amazon, Aliexpress) ئەوە دەبێتە گرێبەستێکی ملکەچبوون، بەڵام ئەگەر هاتوو گرێبەستەکە لە ڕێگەی نامەی ئەلیکترۆنییەوە بێت، واتە ئاراستەی کەسی بوو، دەتوانرێت گفتوگۆ و ڕا گۆڕینەوە بکرێت، لە نێوان لایەنەکانی گرێبەست لێرەدا سروشتی گرێبەستەکە رەزامەندی تیایدا بەدی

(14) رواقى سميحة ومتنانى خلود، النظام القانوني للعقد الإلكتروني، رسالة ماجستير، الجزائر، 2019، ص15.
(15) خالد ممدوح إبراهيم، سەرچاوەی پێشوو، لا 73.
(16) د. رباحي أحمد، سەرچاوەی پێشوو، لا 102.
(17) كاظم كريم علي، سەرچاوەی پێشوو، لا 135.
(18) يحيى يوسف فلاح حسن، سەرچاوەی پێشوو، لا 20.
(19) د. شحاتة غريب شلقامي، التعاقد الإلكتروني في التشريعات العربية، دار الجامعة الجديدة، الأزاريطة، 2008، ص37.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرێت، لەبەر ئەوەی هەردوو لایەن هاوبەشن لە دیارکردنی بنەمای گرێبەستەکە، بە جۆرێك بە ڕێکەوتنی هەردوو لایەن دادەنرێت، ئەمەش وەکو ئەنجامدانی گرێبەست لە نێوان دوو کۆمپانیای بازرگانی، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی نامەی ئەلیکترۆنی ڕێکدەکەون، لەسەر هەموو بنەماکانی گرێبەستەکە و واژووی دەکەن. بەواتای ئەوەی ملکەچبوون یان نەبوونی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لەسەر ئەو ئامرازە دەوەستێت، کە لە گرێدانی بەکارهاتووە، بۆیە ئەگەر گرێبەستەکە لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە بێت یان لە ڕێگەی بەرنامەی گفتوگۆکردن (چاتینگ) بێت، ئەوا گرێبەستەکە زیاتر بەرەو ڕەزامەندی دەچێت، چونکە لایەنەکانی گرێبەست بۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، بەڵام گرێبەستکردن لە ڕێگەی وێبسایتەکان ئەوانەی گرێبەستی نموونەیی بەکاردەهێنن و ڕێگە بە گفتوگۆی لایەنی بەرامبەر نادەن ئەوا گرێبەستەکە زیاتر بەرەو ملکەچبوون دەچێت نەوەك ڕەزامەندی.

### 3-1 واقیعی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان و گرفتەکانی

بێگومان هەرێمی کوردستان هەروەك شوێنێکی ئەم جیهانە پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، لە بواری خزمەتگوزارییەکانی ئەنتەرنێت و تەکنەلۆجیای زانیاری، بۆیە گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان جموجۆڵێکی باشی هەیە، هەرچەندە بێ کێشەش نییە. لەم ڕوانگەیەوە بۆ زیاتر ئاشنابوون بەواقیعی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان فۆرمێکی تایبەت ئامادەکراوە کە چەند پرسیارێکی لە خۆگرتووە، و (100) دانە لە فۆڕمی ئەم ڕاپرسییەمان دابەشکرد بە سەر سێ توێژی جیا، (31)یان بۆ کەسانی دادوەر، و (38)یان بۆ کەسانی پارێزەر، و (31)یان بۆ کەسانی ئاسایی، هەروەك لە خشتەی ژمارە (1)ی خوارەوە خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (1) :دابەشکردنی فۆرمەکانی ڕاپرسی بەسەر کەسانی نموونەی هەڵبژێردراوی توێژینەوە

| کەسایەتی فۆرم پرکەرەوە | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|
| پارێزەر | 38 |
| خەلکی ئاسایی | 31 |
| دادوەر | 31 |
| ژمارەی گشتی | 100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە ناوەڕۆکی راپرسییەکە کە چەند پرسیارێکی لەخۆگرتبوو، یەکەم پرسیار بریتی بوو لەوەی: ئایا زانیاریت هەیە لەسەر گرێبەستی ئەلیکترۆنی؟ لە ئەنجامدا وەڵامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون کە لە هەردوو خشتەی ژمارە (2) و ژمارە (3)ی خوارەوە خراونەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (2): وەڵامی پرسیاری ئاستی بوونی زانیاری لەسەر گرێبەستی ئەلیکترۆنی

| کەسایەتی فۆرم پرکەرەوە | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|
| پارێزەر | 38 |
| بەڵێ | 14 |
| نەخێر | 20 |
| (blank) | 4 |
| خەڵکی ئاسایی | 31 |
| بەڵێ | 15 |
| نەخێر | 13 |
| (blank) | 3 |
| دادوەر | 31 |
| بەڵێ | 17 |
| نەخێر | 7 |
| (blank) | 7 |
| Grand Total | 100 |

خشتەی ژمارە (3): وەڵامی پرسیاری ئاستی بوونی زانیاری لەسەر گرێبەستی ئەلیکترۆنی

| وەڵام | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|
| بەڵێ | 46 |
| نەخێر | 40 |
| (blank) | 14 |
| Grand Total | 100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشیکردنەوەی داتای هاتوو لە هەردوو خشتەی ژمارە (2) و ژمارە (3)ی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت (46) کەس زانیاری هەیە لەسەر گرێبەستی ئەلیکترۆنی، بەرامبەر (40) کەس زانیارییان نییە لەسەر ئەم گرێبەستە، لە هەمان کاتدا (14) کەس وەڵامی ئەم پرسیارەیان بە بەتاڵی هێشتۆتەوە.

بۆیە داتای راستەقینە بریتیە لەوەی (86) کەس وەڵامیان داوەتەوە، (46)یان بەبەڵێ و (40)یان بە نەخێر، بەو واتایەی رێژەی (%53.49) کەس زانیاری هەیە لەسەر گرێبەستی ئەلیکترۆنی، بەرامبەر (%46.51) کەس زانیاری نییە لەسەر ئەم گرێبەستە، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت نزیکەی نیوەی ئەو کەسانەی وەك نموونەی راپرسییەکە هەڵبژێردراون زانیارییان نییە لەسەر گرێبەستی ئەلیکترۆنی، ئەمەش ئاماژەیەکی باش نییە ئەگەر ئەو پێشکەوتنە و زۆر بەکارهێنانەی تۆڕی ئەنتەرنێت لە هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرین.

پرسیاری دووەمی راپرسیەکە تایبەت بوو بە دادوەران، ناوەڕۆکی پرسیارەکەش بریتی بوو لەوەی:

ئایا هیچ داوایەکی گرێبەستی ئەلیکترۆنیت بینیوە لە نێو دادگا؟


ئەگەر بەبەڵێ بوو، چ جۆرە داوایەك بوو؟

لە ئەنجامدا وەڵامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون کە لە خشتەی ژمارە (4)ی خوارەوە و شێوەی ژمارە (1)ی خوارەوە، خراونەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (4): وەڵامی پرسیاری بینینی داوای تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی لەلایەن دادوەرانەوە

| ژمارەی دووبارەبوونەوە | وەڵام |
| --- | --- |
| 6 | بەلێ |
| 21 | نەخێر |
| 4 | (blank) |
| 31 | Grand Total |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




شێوەی ژمارە (1) :ڕێژەی وەڵامی پرسیاری بینینی داوای گرێبەستی ئەلیکترۆنی لەلایەن دادوەرانەوە

بەشیکردنەوەی داتای هاتوو لە خشتەی ژمارە (4)ی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە لەو (31) سی و یەك دادوەرەی نموونەی هەڵبژێردراوی ڕاپرسییەکە بوون، تەنها (6) شەشیان داوای تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنییان بینیوە، بەرامبەر بە (21) بیست و یەك دادوەر کە ئەم جۆرە داوایەیان نەبینیوە، لەگەڵ ئەوەی (4) چوار دادوەر وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە.


کەواتە لە ژمارەی (27) بیست و حەوت دادوەری بەشداربوو لە ڕاپرسییەکە، ڕێژەی (%22.22) یان داوای تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنییان بینیوە، بەرامبەر ڕێژەی (%77.78) هیچ داوایەکیان نەبینیوە سەبارەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی، ئەمەش وادەردەخات کە کەمتر لە یەك لەسەر چواری دادوەرانی بەشداربوو لە ڕاپرسییەکە، بەشدارنەبوون لە یەکلاییکردنەوە یان بینینی داوای تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی وێرای ڕۆژانە بوونی ژمارەیەکی زۆری گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان و بوونی چەندین کێشەی یاسایی تایبەت بەم گرێبەستانە بەڵام هێشتا ڕادەی گەڕانەوەی لایەنەکان بۆ دادگا کەمە، لەوانەیە هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ کەمی ئاستی هۆشیاری یاسایی خەڵك بێت دەرهەق بەم جۆرە گرێبەستە یان نەبوونی توانایان بێت لەسەر سەلماندنی گرێبەستی ئەلیکترۆنی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەڕۆکی پرسیاری سێیەمی راپرسیەکەش تایبەت بوو بەم پرسیارەی خوارەوە: گرفتەکانی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان چین؟ لە ئەنجامدا وەڵامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون کە لە هەردوو خشتەی ژمارە (5) و شێوەی ژمارە (2)ی خوارەوە خراونەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (5): گرفتەکانی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

| حالەتی دووبارەبونەوە | جۆری گرفت |
|---|---|
| 41 | نەبوونی یاسا |
| 35 | نەبوونی دڵنیایی لە گرێبەست، کار پینەکردنی |
| 26 | کەمی زانیاری |
| 17 | خراپی کەلوپەل |
| 11 | سەلماندنی گرێبەست، وێنەی رەسەنی گرێبەست، واژوی ئەلیکترۆنی |
| 11 | نەبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەو بوارە بە توانای گونجاو |
| 3 | نەبوونی پسپۆر |
| 2 | متمانە نەبوون |
| 2 | نەبوونی گرێبەستی یاسایی |
| 1 | چۆنیەتی وەگرتنەوەی داد و سەلماندنی |
| 1 | خراپ بەکارهینان |
| 1 | خراپی کەلوپەل, تاخیرکردن |
| 1 | روونکردنوەیان قورسە |
| 3 | رێکە نەختنی گرێبەست |
| 1 | سەلماندی گرێبەست، وێنەی رەسەنی گرێبەست، واژوی ئەلیکترۆنی |
| 1 | کەس بەکاری ناهێنێت |
| 1 | کەمی زانیاری، بەر نەهینان لەلایەن کەسە گەورەکان (بەتەمەنەکان) |
| 1 | نەبوونی دەزگای تایبەت بە یاسای ئەلیکترۆنی |
| 1 | نەبوونی رێکاری بانکی پێویست |
| 1 | نەبوونی یاسا تایبەت لە مەدەنی |




شێوەی ژمارە (2): ڕێژەی گرفتەکانی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

بەتێڕوانین لە داتاکانی هاتوو لە خشتەی ژمارە (5)ی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کەسانی بەشداربوو لە راپرسی (20) هۆکاریان خستۆتەڕوو بۆ گرفتەکانی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، زۆرترین گرفت ئاماژەی پێکرابێت بریتی بوو لە گرفتی (نەبوونی یاسا) کە (46) جار ئاماژەی پێکراوە، ئینجا بە پلەی دووەم گرفتی (نەبوونی دڵنیایی لە گرێبەست و کارپێنەکردنی) کە (35) جار ئاماژەی پێکراوە، و لە پلەی سێیەمیش گرفتی (کەمی زانیاری) کە (26) جار ئاماژەی پێکراوە، و لە پلەی چوارەم گرفتی (خراپی کەلوپەل) کە (17) جار ئاماژەی پێکراوە، و لە پلەی پێنجەم هەردوو گرفتی (سەلماندنی گرێبەست و وێنەی رەسەنی گرێبەست و واژووی ئەلیکترۆنی) و (نەبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەو بوارە بەتوانای گونجاوەوە) کە هەر یەکە و (11) جار ئاماژەیان پێکراوە. کەواتە گرفتی نەبوونی یاسا زۆرترین ئاماژەی پێکراوە لە نێو گرفتەکانی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.

پرسیاری چوارەمیش لە پرسیارەکانی راپرسییەکە ئەم پرسیارەی خوارەوە بوو:

ئایا کڕین و فرۆشتنت لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە ئەنجامداوە؟ ئەگەر ئەنجامتداوە لە ڕێگەی چ بەرنامەیەکەوە بووە؟

لە ئەنجامدا وەڵامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون کە لە خشتەی ژمارە (6)ی خوارەوە خراونەتەڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (6): رادەی ئەنجامدانی کڕین وفرۆشتن لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە

| وەڵام | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|
| بەلێ | 46 |
| نەخێر | 51 |
| (blank) | 3 |
| Grand Total | 100 |

بە شیکردنەوەی داتای هاتوو لە خشتەی ژمارە (6)ی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت (46) چل و شەش کەسی بەشداربووی راپرسییەکە کڕین و فرۆشتنیان لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە ئەنجامداوە، بەرامبەر بە (51) پەنجا و یەك کەسی دیکە کە ئەم جۆرە کڕێن و فرۆشتنەیان ئەنجام نەداوە، لەگەڵ بوونی (3) سێ حاڵەت کە وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە.

بەمەش رێژەی (47.42%) کەس لە بەشداربووانی راپرسییەکە، گرێبەستی ئەلیکترۆنییان ئەنجامداوە، بەرامبەر رێژەی (52.58%) کەس کە ئەم جۆرە گرێبەستەیان ئەنجامنەداوە. لێرەدا دەگەینە ئەو ئاماژەیەی کە رێژەیەکی باش (نزیکەی نیوەی بەشداربووانی راپرسی) گرێبەستی ئەلیکترۆنییان ئەنجامداوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ باوبوونی ئەم جۆرە گرێبەستە لە هەرێمی کوردستان.

پرسیارێکی دیکە هاتوو لە راپرسییەکە ئەوە بوو:

ئایا بەرنامەی تایبەت هەیە بە کڕین و فرۆشتن لە ڕێگەی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان؟ ئەگەر هەبێت ئایا جێگەی باوەڕ پێکردنن؟


لە ئەنجامدا وەڵامی ئەوانەی بەشداربوون لە راپرسییەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو کە لە خشتەی ژمارە (7) و شێوەی ژمارە (4)ی خوارەوە خراونەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (7): بوونی بەرنامەی تایبەت بە کڕین و فرۆشتن لە ڕێگەی ئەلیکترۆنی

| وەڵام | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|
| بەلێ | 21 |
| بەڵێ بەڵام جیگای باوەڕ نییە | 26 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | |
|---|---|
| نەخێر | 14 |
| زانیاری نییە لەو بارەوە | 8 |
| (blank) | 31 |
| Grand Total | 100 |




شێوەی ژمارە (3): رێژەی بوونی بەرنامەی تایبەت بە کڕین و فرۆشتن لە ڕێگەی ئەلیکترۆنی

بە شیکردنەوەی داتای هاتوو لە خشتەی ژمارە (7)و شێوەی ژمارە (3)ی سەرەوە، رێژەی (21%) بەشداربووانی راپرسییەکە ئاگادارن لە بوونی بەرنامەی تایبەت بەکڕین و فرۆشتن لە ڕێگەی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، بەرامبەر رێژەی (8%)ی بەشداربووان ئاگادارنین و زانیاریان نییە لە بوونی ئەم جۆرە بەرنامانە، و رێژەی (26%) بەشداربووان پێی وایە ئەم بەرنامانە جێگەی متمانە نین، بەرامبەر رێژەی (14%)ی بەشداربووان پێی وایە ئەم بەرنامانە لە کوردستان بونیان نییە، و رێژەی(31%) بەشداربووان وڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەو بەرنامانەی کە بەشداربووانی راپرسییەکە زانیارییان لەسەر هەیە بۆ کڕین و فرۆشتن لە ڕێگەی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، بریتی بوون لە بەرنامەکانی ( Amazon, Alibaba, Pallamall, Bombene, Ebay, Shapost)، هەروەها هەندێك لە بەشداربووان ئاماژەیەن بە لاپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کردووە وەك (Facebook, Instagram).

کۆتا پرسیاری ئاراستەکراو لە راپرسییەکە بریتی بوو لەم پرسیارەی خوارەوە:


ئایا نەبوونی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی کاروباری ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان کێشەی دروست کردووە لە بەکارهێنانیدا؟

لە ئەنجامدا وەڵامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون کە لە خشتەی ژمارە (8) و شێوەی ژمارە (5)ی خوارەوە خراونەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (8): رادەی کاریگەری نەبوونی یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی کاروباری ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

| ژمارەی دووبارەبوونەوە | وەڵام |
|---|---|
| 65 | بەلێ |
| 12 | نەخێر |
| 23 | (blank) |
| 100 | Grand Total |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




شێوەی ژمارە (4): رێژەی کاریگەری نەبوونی یاسای تایبەت بە رێکخستنی کاروباری ئەلیکترۆنی

بە شیکردنەوەی داتای هاتوو لە خشتەی ژمارە (8) و شێوەی ژمارە (4)ی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە (23) کەسی بەشداربووی راپرسییەکە وەڵامی ئەم پرسیارەیان بە بەتاڵی بەجێهێشتووە. لە کاتێکدا (65) کەسی بەشداربووی راپرسییەکە کە دەکاتە رێژەی (84.41%) پێیان وایە نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە رێکخستنی کاروباری ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان بۆتە مایەی کێشە دروستبوون، بەرامبەر (12) کەسی بەشداربوو کە دەکاتە رێژەی (15.59%) پێیان وانییە نەبوونی ئەم جۆرە یاساییە بووبێتە مایەی دروستبوونی کێشە.

کەواتە لە دەرئەنجامی ئەم تەوەرە بۆمان روون دەبێتەوە گرفتێکی سەرەکی لەبەردەم گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە نەبوونی رێکخستنی یاسایی، ئەمەش دەبێتە بابەتی سەرەکی تەوەری داهاتوومان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2- هۆکاری نەبوونی ڕێکخستنی یاسایی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

هەوڵ ئەدەین تیشك بخەینە سەر گرفتی نەبوونی ڕێکخستنی یاسایی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام سەرەتا باس لە ڕێکخستنی یاسایی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە عێراق دەکەین، ئینجا دێینە سەر باسی هۆکاری نەبوونی ئەم رێکخستنە یاساییە لە هەرێمی کوردستان.

### 2-1 ڕێکخستنی یاسایی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە عێراق

بۆ یەکەمجار لە عێراق لە ساڵی 2012دا یاسایەك دەرچوو بۆ ڕێکخستنی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی، بەناوی "یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (78)ی ساڵی 2012".

ئەم یاسایە لە (8) هەشت بەش پێکهاتووە کە (29) بیست و نۆ ماددەی یاسایی لەخۆگرتووە. بەشی یەکەمی یاساکە تایبەتە بە پێناسەکان، کە تەنها ماددەی (1)ی لەخۆگرتووە، و لە (20) بیست بڕگە پێکهاتووە. بەشی دووەمی یاسای ئاماژەپێکراو، هەردوو ماددەی (2) و (3) تەرخانکراوە بۆ ئامانجەکانی یاسا و چوارچێوەی پیادەکردنی.

سەبارەت بەئامانجی سەرەکی دانانی ئەم یاسایە، بەپێی ماددەی (2)ی یاساکە، بریتییە لە:

1- دابینکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لە کاتی ئەنجامدانی مامەڵەی ئەلیکترۆنیدا.

2- پێدانی بەڵگەنامەی یاسایی بە مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان و واژووی ئەلیکترۆنی و ڕێکخستنی حوکمەکانیان.

3- پتەوکردنی متمانە بە دروستی مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان و سەلامەتییان.

هەر ئەمەش ئامانجی ئێمەیە لە توێژنەوەکەمان کاتێك باس لە دانانی یاسا دەکەین بۆ ئەم بوارە تا بتوانرێت متمانە برەخسێنرێت بۆ لایەنی گرێبەستکردن بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ ئەنجامی بدەن.

هەروەها سەبارەت بە چوارچێوەی پیادەکردنی یاسای ئاماژەپێکراو، بەپێی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (3)ی یاساکە، پیادە دەکرێت بەسەر:

1- ئەو مامەڵە ئەلیکترۆنییانەی کەسانی سروشتی یان مەعنەوی ئەنجامیدەدەن.

2- ئەو مامەڵانەی لایەنەکانیان پێکدێن بە ئامرازی ئەلیکترۆنی جێبەجێی بکەن.

3- پەڕاوی دارایی و بازرگانی ئەلیکترۆنی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە هەمان کاتدا بەپێی بڕگەی (دووەم)ی هەمان ماددە، ئەم یاسایە پیادە ناکرێت بەسەر:

1- مامەڵەی پەیوەست بە پرسەکانی باری کەسێتی و مەوادی کەسێتی.

2- دروستکردنی وەسیەت و وەقف و هەموارکردنی حوکمەکانیان.

3- مامەڵەی پەیوەست بە رەفتارکردن بە مایەی نەگوازراوە واتە خانووبەرە بێجگە لە گرێبەستی بەکرێدانیان.

4- ئەو مامەڵانەی یاسا شێوەیەکی دیارکراوی بۆیان داناوە.

5- رێکارەکانی دادگاکان و ڕاگەیاندنی دادگەری و پێڕاگەیاندنی ئامادەبوون و فەرمانەکانی پشکنین و فەرمانەکانی دەستگیرکردن و حوکمی دادگاکان.

6- هەر بەڵگەنامەیەك یاسا پێویست بکات لە ڕێگەی دادنووسەوە دۆکیومێنت بکرێت.

بەشی سێیەمی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012، ماددەکانی (4-12)، تەرخانکراوە بۆ حوکمەکانی واژووی ئەلیکترۆنی. هەروەها بەشی چوارەمی یاساکەش، ماددەکانی (13-17)، تەرخانکراوە بۆ بەڵگەنامە ئەلیکترۆنییەکان. ئەوەی گرنگە، بەشی پێنجەمی یاساکە، ماددەکانی (18-21) کە تەرخانکراوە بۆ گرێبەستی ئەلیکترۆنی. دواتر بەشی شەشەم، هەردوو ماددەی (22-23) تەرخانکراوە بۆ پەڕاوە بازرگانی و داراییە ئەلیکترۆنییەکان، و بەشی حەوتەمیش، ماددەکانی (24-27)، تەرخانکراوە بۆ ئاڵوگۆڕی ئەلیکترۆنی مایەکان، و دوابەشیش، واتە بەشی هەشتەم، هەردوو ماددەی (28-29)، تەرخانکراوە بۆ حوکمی کۆتایی.

لە هۆیەکانی دەرچوواندنی یاسای ئاماژەپێکراویشدا هاتووە، هۆکاری دەرچوواندنی ئەم یاسایە بۆ خۆگونجاندنە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی لە ئارادایە لە بواری تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن و چالاکییەکانی ئەنتەرنێت و دابینکردنی بنەما و چوارچێوەی یاسایی بۆ مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕێگەی ئامرازی گەیاندنی نوێ و هاندانی پیشەسازیی ئەنتەرنێت و تەکنەلۆجیای زانیاری و گەشەپێدانی و ڕێکخستنی خزمەتگوزارییەکانی واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان و گەیشتن بە پێشکەوتنە یاساییەکان لە بوارە ئەلیکترۆنییەکان و گونجاندنی سیستەمی یاسایی کلاسیکی لەگەڵ سیستەمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندنە مۆدێرنەکان.

سەبارەت بە هێلە گشتییەکانی ڕێکخستنی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012، هەروەك باسمان کرد یاسای ناوبراو بەشی پێنجەمی، ماددەکانی (18-21)، (واتە چوار ماددەی یاسایی) تەرخان کردووە بۆ ڕێکخستنی یاسایی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە عێراقدا.

بەستنی گرێبەستنی ئەلیکترۆنی جیاوازیەکی زۆری نییە لەگەڵ گرێبەستی ئاسایی، بەتایبەتی لە رووی روکنی هۆ و روکنی (محل)ەوە، ئەوەی جیاوازی دروستکردووە لەنێوان ئەم دوو گرێبەستە روکنی ڕەزامەندییە، بە تایبەتی لە شێوازی دەربڕین و ویستی ئیجاب و قەبول[20]، دادگاکان زۆرجار توشی کێشە دەبنەوە لە کۆنترۆڵکردنی کاتی بەستنی گرێبەسەکە و شوێنی بەستن و شوێنی جێبەجێ کردنی. لەم سۆنگەیەوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی(18) یاسای ئاماژەپێکراودا هاتووە، دەکرێت ئیجاب و قەبول بە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە بێت.

سەبارەت بە کات و شوێنی بەستنی گرێبەست لێرەدا دەتوانین بگەرێینەوە بۆ ماددەی (88)ی یاسای مەدەنی عێراقی، کە تیایدا هاتووە گرێبەستکردن بەرێگەی تەلەفون یان هەر ئامرازێکی دیکەی هاوشێوە، واتە پەیوەندیکردن، وا دادەنرێت لە نێوان دوو کەسی ئامادەبوو ئەنجامدراوە لە رووی کاتەوە، و لە نێوان دوو کەسی ئامادەنەبوو ئەنجامدراوە لەوەی پەیوەستە بە شوێنەوە.

لێرەوەش دەرەچەیەك هەیە بۆ گرێبەستی ئەلیکترۆنی، چونکە لە رووی تەکنیکییەوە، بە ئامێرێکی هاوشێوەی تەلەفۆن گرێبەست ئەنجامدەدرێت، لەم روانگەیەش ماددەی(38)ی یاسای مامەلە ئەلیکترونییەکانی لوبنانی ژمارە (81) سالی 2018 دەڵێت گرێبەست ئەو کاتە دروست دەبێت، کە لایەنەکان هەڵسان بە گۆڕینەوەی زانیارییەکان بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی، ئەو کاتەش پەسەند دەبێت کە کەسی بۆنێردراو نامەکەی وەرگرتوو ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوە بەپێچەوانەوە گرێبەستەکە دروست نابێت.

سەبارەت بە شوێنی بەستنی گرێبەستی ئەلیکترۆنی زۆر جار توشی کێشە دەبینەوە، لەبەر ئەوەی گرێبەستەکە لە پشت ئامێرێکەوە ئەنجامدەدرێت زۆر ئاستەنگە بتوانرێت شوێنەکە وەك خۆی دەستنیشان بکرێت، هەرچەندە ماددەی (21) یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012، بە دوو بڕگە باس لەوە

[20] عباس العبودي، قانون التوقيع الإلكتروني والمعاملات الإلكترونية رقم (78) لسنة 2012، مكتبة السنهوري، 2018، ص74.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکات، کە ئەو بەڵگە ئەلیکترۆنییانەی دەنێردرێن و شوێنی کاری (محل) و ئەو شوێنەی، کە بۆنێردراو هەڵدەستێت بە وەرگرتنی، ئەوە دەبێتە شوێنی نیشتەجێ و دەبێتە شوێنی کارکردنی، ئەگەر لایەنەکان لەسەر پێچەوانەی ئەوە ڕێکنەکەوتبن، ئەگەر هاتوو پێگەکە زیاتر لە یەك شوێنی کارکردنی هەبێت، ئەوە نزیکترین شوێنی تایبەت بە مامەڵەکە شوێنی ناردنی یان وەرگرتنی، ئەگەر هاتوو نەکرا شوێنی سەرەکی کارکردنە دیاری کرێت، ئەو شوێنەی ناردن یان وەرگرتن دەبێتە شوێنی سەرەکی گرێبەستەکە.

## 2-2 هۆکاری کەلێنی یاسایی تایبەت بە ڕێکخستنی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

هۆکاری بوونی کەلێنی یاسایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی، دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوونی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012 لە دوای ساڵی 1992، و بەرکار نەکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، لە هەمان کاتدا تەشریع نەکردنی یاسایەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

### 1-2-2 کارانەبوونی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012 لە هەرێمی کوردستان

راستە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، هەروەك لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا لە عێراق یاسایەکی تایبەت هەیە بۆ ڕێکخستنی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی، کە بریتییە لە یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (78)ی ساڵی 2012، بەڵام ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستان بەرکار نییە.

هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵیە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، بۆیە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ژێرباری یاسا عێراقییەکان، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانی بارودۆخی یاسایی و سیستەمی سیاسی لە عێراق و جیاوازی هەردوو ماوەی پێش ساڵی 1991 و دوای ساڵی 1991، هەروەها ماوەی پێش دەرچوون و دوای دەرچوونی دەستوری عێراقی لە ساڵی 2005، چونکە لە ساڵی 1992 پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد بە ژمارە (11) تیایدا لە بەندی (دووەم) بڕیاردرا بەوەی لەمەودوا هیچ یاسایەك یان بڕیارێکی عێراقی لە هەرێم جێبەجێ ناکرێت تەنها لە دوای بڕیار لێدانی نەبێت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کە ڕێگەی پێبدات[21].

[21] بڕیاری پەرلەمانی کوردستان - عێراق، ژمارە (11) لە 31/8/ 1992 دەرچووە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان ژمارە (78)ی ساڵی 2012، لە دوای ساڵی 1992 دا دەرچووە، بۆیە بەبێ بەرکارکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە هەرێم کاری پێناکرێت، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایە عێراقیەی (واتە یاسای ژمارە 78ی ساڵی 2012) بەرکار نەکردووە، بۆیە یاسای ئاماژەپێکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق بەرکار نییە، بەمەش ڕێکخستنی یاسایی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان لەبەردەم کەلێنێکی یاسایی گەورەدایە، ناکرێت تەنها بە حوکمەکانی یاسای مەدەنی پڕبکرێتەوە.

### 2-2-2 دەرنەکردنی یاسایەکی تایبەت بەگرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هیچ یاسایەك بۆ ئەم بابەتە دەرنەچووە، لەبەر ئەوەی بەپێی وتەی یەکێك لە پەرلەمانتارەکانی ئەندام لە لیژنەی یاسایی، لە پلانی پەرلەمانی کوردستان نەبووە کە یاسایەك بۆ ئەم بابەتە دابڕێژێت[22]، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە، کە هەرێمی کوردستان ناتوانێت یاسایەك دابنێت بۆ ئەم بابەتە، بەڵکو لەبەر ئەو بارودۆخە نالەبارانەی یەکە بە دوای یەك ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، گرنگترینیان باری ئابوریی هەرێم و سەرهەڵدانی نەخۆشی کۆرۆنا و هۆکاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بۆتە هۆی ئەوەی پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانتاران بەبابەتی دیکە سەرقاڵ بکات، بەڵام تێبینی دەکرێت لەگەڵ چاکبوونەوەی ئەو هۆکارانە وورده وورده کاری پەرلەمان ئەوە دەبێت دانانی یاسا بۆ هەر بابەتێك، کە پێویست بکات و ڕێکخستنی گرێبەستی ئەلیکترۆنیش دەبێتە یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی پەرلەمانی کوردستان[23].

## 3- بەرەو ڕێکخستنی یاسایی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

چارەسەرکردنی ئەم گرفتە یاساییە و لابردنی ئاستەنگی یاسایی لەبەردەم گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی، بە سێ ڕێگە دەبێت، یەکەمیان بەرکارکردنی یاسای ژمارە

---

[22] چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ پەرلەمانتاری بەڕێز (سارە دڵشاد) ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان/ خولی (9)ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، شوێنی چاوپێکەوتن لە حەرمی پەرلەمانی کوردستان، لە ڕێکەوتی 2021/2/9.

[23] چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ پەرلەمانتاری بەڕێز (ئازاد اکرم کورەچی) ئەندامی لیژنەی ڕۆشەنبیری پەرلەمان/ خولی (9)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، شوێنی چاوپێکەوتن لە حەرمی پەرلەمانی کوردستان، لە ڕێکەوتی 2021/2/9.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(78)ی ساڵی 2012، دووەمیان هەمووارکردنی پیادەکردنی یاسای ناوبراو لە هەرێمی کوردستان، سێیەمیان دەرچوواندنی یاسایەکی نوێ و تایبەت بە گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.

**1-3 بەرکارکردنی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012 لە هەرێمی کوردستان**

وەك ئاشکرایە دانانی یاسا لە کاتی ئێستادا کاتێکی زۆری دەوێت، بۆیە دەکرێت، وەك رێگە چارەکی خێرا، یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکانی عێراقی ژمارە (78)ی ساڵی 2012 وەکو خۆی بەکار بهێنرێت لە کاتی ئێستادا، لە رێگەی بەرکارکردنی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کە دستور و یاسای عێراقی و پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان رێگەیان داوە یاسای عێراقی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت[24]. بەڵام، بەبۆچوونی ئێمە، بەرکارکردنی یاسای ئاماژەپێکراو وەك خۆی لە هەرێمی کوردستان لایەنی باش و خەراپی لێدەکەوێتەوە.

لایەنی باشی ئەوەیە بەشێوەیەکی خێرا ئەو کەلێنە یاساییە پڕ دەکاتەوە، کە لە هەرێمی کوردستان هەیە تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی، هەروەها حوکمەکانی رێکخستنی یاسایی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە عێراق و هەرێمی کوردستان وەك یەك دەبێت، ئەمەش لەڕووی پیادەکردنەوە کێشە دروست ناکات لە نێوان پارچەکانی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

هەروەك ئاشکرایە دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق و دروستبوونی عێراقێکی نوێ و یەك پارچەیی وایکرد زۆرێك لەو یاسایانەی دوای ساڵی 2003 لە عێراقی فیدراڵ دەردەچوون راستەوخۆ لە هەرێمی کوردستانیش، دوای پەسەندکردن و بەرکارکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، جێبەجێ بکرێن، بۆ نموونە یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر، کە یاسایەك بوو لە عێراقی فیدراڵ لە ساڵی 2010دا دەرچوێنرا، لەهەمان ساڵ لە هەرێمی کوردستان بەرکار کرا، کەواتە ئەگەر هاتوو یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012، لە هەرێمی کوردستان بەرکار بکرێت، ئەوا دەبێتە هۆی گەرانەوەی کات بەوەی چیتر بەدەست نەبوونی یاسا لەم بوارەدا بێبەش نەبین، هەروەها دەبێتە هۆی یەکبوونی یاسا لە سەرتاسەری

[24] چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ پەرلەمانتاری بەڕێز (بژار کۆچەر) سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان/ خولی (9)ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، شوێنی چاوپێکەوتن لە حەرمی پەرلەمانی کوردستان، لە رێکەوتی 2021/2/24.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عێراق بەوەی هەر کێشەیەکی یاسایی ڕوویدات لە هەر ناوچەیەکی عێراق ئەوە یاساکە دیار و ڕوونە بۆ جێبەجێکردنی لەبەر ئەوەی گرێبەستی ئەلیکترۆنی گرێبەستێکە لە دوورەوە ئەنجامدەدرێت زۆرجار بەکاربەران لەسەرتاسەری عێراق بە ئاسانی ئەم گرێبەستە ئەنجامدەدەن، و لەم بارووودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستانیش، هەروەك بەشێك لە پەرلەمانتاران ئاماژەیان پێکرد، کە لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی کێشەی گرنگترە، بۆیە ناتوانێت بە ئاسانی کۆببێتەوە و کار بکات بۆ دانانی ئەم جۆرە یاسایە، بۆیە وا باشترە ئەم یاسایە بەرکار بکرێت تاوەکو هەرێم دەگاتە دۆخێکی جێگیر ئەو کات دەتوانرێت یاسایەکی پوختر و باشتر دابنرێت.

پێویستە بزانین چەند لایەنێکی خراپیش هەیە بۆ بەرکارکردنی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012 لە هەرێمی کوردستان وەك خۆی، یەکەمیان یاسای ئاماژەپێکراو ساڵی 2012 دەرچووە، واتە نزیکەی دە ساڵ بەر لە ئێستا، ماوەی دە ساڵیش زۆرە بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و گۆڕانی ڕێکارەکان، زۆر پرۆگرام و تەکنیك و شێوازی ئەلیکترۆنی ئێستا بوونیان هەیە، کەچی لە ساڵی 2012دا نەبوون، بۆیە نابێتە یاسایەکی تەواو سەردەمیانە. دووەمیان، خودی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012، بەشێکی لە ماددەکانی کێشەی تێدایە و لە ئێستادا حکومەتی فیدراڵیش لە هەوڵی ئەوەدان ئەو ماددانەی یاسای ناوبراو هەموار بکەنەوە.

لەلایەکی دیکەدا لە ساڵی 2020 بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان – عێراق، بڕیاردراوە بەوەی هیچ یاسایەکی عێراقی لە هەرێم وەکو خۆی یان بەهەموارکراوی جێبەجێ نەکرێت، بەڵکو هەرێم دەبێت خۆی یاسای نوێ بۆ هەر بابەتێك پێویست بکات دابرێژێت[25]. ئەمەش بەپشتبەستن بە بارودۆخ و باری کۆمەڵایەتی هەرێمەکەمان یاساکان لەمەودوا دادەنرێت، لەبەر ئەوەی لەم چەند ساڵانەی دوایدا بۆمان ڕوونبۆتەوە،

[25] چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ بەڕێز (د. ڤالا فەرید) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، شوێنی چاوپێکەوتن لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق/هەولێر، لە ڕێکەوتی 2021/2/22.

کە بارودۆخی هەرێمەکەمان جیاوازە لەگەڵ بارودۆخی عێراق لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتور و پێشکەوتندا[26].

**2-3 هەمواركردنی پیادەكردنی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012 لە هەرێمی كوردستان**

مەبەست لە هەمواركردنی پیادەكردنی یاسا، واتە هێنانی هەمان یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012 و دەستكاریكردنی بەشێك لە مادده و بڕگە و دەستەواژەكانی ناو یاسای ناوبراو بەجۆرێك بتوانرێت یاسایەكی پوختر و باشتر بۆ كۆمەڵگەی كوردستان پێشكەش بكرێت.

وە لەبەر ئەوەی، هەروەك لە بڕگەی پێشوودا ئاماژە پێكرا، بەركاركردنی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012 لە هەرێمی كوردستان لایەنی نەرێنی هەیە، سەرەرای بوونی ئاراستەیەك بەرەو بەركارنەكردنی، بۆیە هەمواركردنی پیادەكردنی ئەم یاسایەش هەنگاوێكی باش نابێت بۆ پڕكردنەوەی كەلێنی یاسایی لە هەرێمی كوردستان تایبەت بە گرێبەستكردنی ئەلیكترۆنی.

لە چاوپێكەوتنمان لەگەڵ بەڕێز (د.رێواز فائق) سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، لەم خولەی پەرلەمان، ئاماژەی بەوە كرد، كە (ڕەشنووسی یاسای واژووی ئەلیكترۆنی و مامەڵە ئەلیكترۆنییەكانی حكومەتی فیدراڵ لە سالی 2009، لەلایەن بەڕێزیان و بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان لە خولی (8)ی پەرلەمان بە ژمارە (48) لە رێكەوتی 2009/3/28 وەك پێشنیاری یاسا پێشكەش بەسەرۆكایەتی پەرلەمان كراوە بەمەبەستی (بەركاركردن و هەمواركردنی پیادەكردنی یاسای فیدراڵی واژووی ئەلیكترۆنی و مامەڵە ئەلیكترۆنییەكان) لە هەرێمی كوردستان. دواتر خرایە بەرنامەی كاری پەرلەمان، لە دانیشتنی ژمارە(1) لە 2019/9/17دا خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، پاشان ئاراستەی حكومەت كراوە بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونیان، ئەوان بە بڕیاری ژمارە (45) و بە نووسراوی ژمارە (1770) لە 2020/2/16 پێشنیاری بەركاركردنەكەیان رەت كردووەتەوە و ڕایانگەیاندووە، كە حكومەت خەریكی ئامادەكارییە بۆ پڕۆژە یاسایەكی تایبەت بە كوردستان و پێیان باش نییە یاسا عێراقیەكە بەركار بكرێت[27].

---

[26] چاوپێكەوتنی كەسی لەگەڵ بەڕێز (منی قەهوەچی) سكرتێری پەرلەمان/ خولی (9)ی پەرلەمانی كوردستان، شوێنی چاوپێكەوتن لە حەرمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، لە رێكەوتی 2021/2/9.

[27] چاوپێكەوتنی كەسی لەگەڵ بەڕێز (د.رێواز فائق) سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان – عێراق/ خولی (9)ی پەرلەمانی كوردستان، شوێنی چاوپێكەوتن لە حەرمی پەرلەمانی كوردستان، لە رێكەوتی 2021/2/9.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3-3 دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەت بە گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان

هەروەك باسمان کرد هەرێمی کوردستان بڕیاری ئەوەی داوە کە لەمەودوا هیچ یاسایەکی ئیتیحادی لە هەرێمی کوردستان کارا ناکرێت، بەڵکو هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە یاسای نوێ بۆ هەر بابەتێك پێویست بکات دەردەچوێنێت.

بەبۆچوونی ئێمەش دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە بواری گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، لایەنی ئەرێنی دەبێت، پێش هەموو شتێك یاسایەك دەبێت بەناوی هەرێمی کوردستان و تایبەت بەخۆمان و تیایدا دەکرێت رەچاوی پێداویستییەکانی خۆمان بکەین، دووەم شت یاسایەکی سەردەمییانە دەبێت چونکە لەوانەیە لە ساڵی 2022 دەربکرێت، هەروەها دەکرێت سوود لە یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012 و یاسا سەردەمییەکانی دیکەش وەربگیرێت بۆ دارشتنی ئەم یاسایە.

بەپێی بەدواداچوونمان، ئێستا پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکردنی رەشنووسێکی نوێیە بۆ مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان، کە پێویست دەکات ئاماژەیەکی کورتی پێبدەین، لە هەمان کاتدا چەند بابەتێکی گرنگ هەن پێویستە لەبەرچاو بگیرێت بۆ دەرکردنی یاسایەکی سەردەمیانە.

#### 1-3-3 ڕەشنووسی یاسای مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان

ڕەشنووسی ئاماژەپێکراو لە (38) ماددەی یاسایی پێکهاتووە و دابەشکراوە بەسەر (8) هەشت بەشدا، بەم شێوەیی خوارەوە:

بەشی یەکەم (پێناسەکان)، ماددەی (1)/ بەشی دووەم (ئامانجەکان و جێبەجێکردنی یاساکە)، هەردوو ماددەی (2) و(3)/ بەشی سێیەم (واژووی ئەلیکترۆنی)، ماددەکانی (4-13)/ بەشی چوارەم (بەڵگەنامە ئەلیکترۆنییەکان)، ماددەکانی (14-26)/ بەشی پێنجەم (پەڕاوەکانی بازرگانی و دارایی)، ماددەکانی (27-28)/ بەشی شەشەم (گواستنەوەی پارە بەشێوەی ئەلیکترۆنی)، ماددەکانی (29-32)/ بەشی حەوتەم (بەکارهێنانی بەڵگەنامە و واژووە ئەلیکترۆنییەکان لەلایەنە فەرمییەکان، ماددەی (33)/ بەشی هەشتەم (حوکمی کۆتایی)، ماددەکانی (34-38).

هەروەها بەپێی ماددەی (2)ی ئەم رەشنووسە، ئامانجەکانی دەرچوواندنی ئەم (رەشنووسە) یاسایە بریتییە لەمانەی خوارەوە:

1- ڕێکخستنی بەکارهێنانی هۆکارە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕێکاری مامەڵە ئەلکترۆنییەکاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- پێدانی بەڵگەبوونی یاسایی بۆ بەڵگەنامە ئەلیکترۆنییەکان و نووسینی ئەلیکترۆنی و واژووی و ئەلیکترۆنی و ڕێکخستنی حوکمەکانی.

3- ئاسانکاری لە ڕێکارەکانی مامەڵە ئەلکترۆنییەکان لەڕێی بەڵگەنامە ئەلیکترۆنییەکان و بەکەرهێنانیان لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان.

4- بەهێزکردنی متمانە لە دروستی مامەڵە ئەلکترۆنییەکان و پارێزراوییان لە ڕووی یاساوە.

لە هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم (ڕەشنووسە) یاسایەشدا هاتووە: (بە هاوئاهەنگی لەگەڵ پیشکەوتن لە بواری تەکنۆلۆجیای زانیاری و گەیاندن چالاکیەکانی ئینتەرنێت و دابینکردنی بنەماو چوارچێوە یاساییەکان بۆ مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی گەیاندنی نوێ و هاوچەرخ و هاندانی پیشەسازی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆجیای زانیاری و پێشخستنیان و ڕێکخستنی خزمەتگوزاری واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان و بەردەوامبوون لە پێشکەوتنەکانی یاسا لە ڕووی ئەلیکترۆنییەوە و گونجاندنی سیستەمی یاسایی نەریتی لەگەڵ سیستەمی تەکنۆلۆجیای زانیاری و گەیاندنی هاوچەرخ ئەم یاسایە دەرچوێنرا).

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی تێبینی دەکرێت سەبارەت بەم ڕەشنووسە یاسایە:

1- هەمان شێوازی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012ی ئیتیحادی ڕەچاوکراوە، لە ڕووی شەکلی و بابەتییەوە.

2- بەشێکی تایبەت تەرخانکراوە بۆ بەکارهێنانی بەڵگەنامە و واژووی ئەلیکترۆنی لە لایەن دەزگا فەرمییەکانەوە، ئەویش بەشی حەوتەمی ڕەشنووسەکەیە.

3- هیچ بەشێك نییە لەناو ئەم ڕەشنووسە تایبەت بێت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی، بەپێچەوانەی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012، کە بەشی پێنجەمی بۆ ئەم پرسە تەرخان کردبوو، سەرەرای ئەوەی لەم ڕەشنووسە پێناسەی گرێبەستی ئەلیکترۆنی کراوە، لە برگەی (دوازدەم)ی ماددەی (1)ی ڕەشنووسەکەدا هاتووە، کە مەبەست لە گرێبەستی ئەلیکترۆنی بریتییە لە (بەستنەوەی بەڕووخستن [الایجاب]ی دەرچوو لەلایەن یەکێک لەدوو لایەنی گرێبەست و بە پەسەندکردنی [ڕەزامەندی] ئەوی دیکەیان بەشێوازێک ئاکامی یاسایی لەسەر بابەتی گرێبەستەکە دروستدەکات و بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەبێت).

4- لە تەواوی ڕەشنووسی یاساکە دووجار ئاماژەکراوە بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی، یەکەمیان لە ماددەی (14)ی ڕەشنووسەکە کە دەقی کردووە: (ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان بە ئامرازێکی پەسەندکراو هەژمار دەکرێن بۆ دەربڕینی خواست بە مەبەستی دامەزراندنی پابەندبوونێکی گرێبەستی)، دووەمیانیش لە برگەی (یەکەم)ی ماددەی (15)ی ڕەشنووسەکە، کە تیایدا هاتووە (بەڵگەنامە ئەلیکترۆنیەکان و نووسینە ئەلیکترۆنیەکان و گرێبەستە ئەلیکترۆنیەکان بەڵگەی [درووستی/رەسەنی] یاسایی بوونیان هەیە، هەروەک هاوتا پەرەییەکەیان لە پابەندکردنی لایەنەکانی یان تواناییان بۆ سەلماندن...)

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی تێبینی دەکرێت ڕێکخستنی یاسایی گرێبەستی ئەلیکترۆنی لەم رەشنووسە یاسایەدا زۆر لاوازە بەراورد بە یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012ی ئیتیحادی، بۆیە پێشنیار دەکەین بابەتی گرێبەستی ئەلیکترۆنی زیاتر جەختی لەسەر بکرێت و ووردتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

### 2-3-3 ئەو بابەتانەی پێویستە لە دەرچوواندنی یاسایەکی نوێ لەبەرچاو بگیرێن

پێویستە ئەو یاسایەی لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت لەسەر بنەمای پێویستیەکانی بێت، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ پەرەسەندنی گرێبەستە ئەلیکترۆنییەکان. لە لایەکی دیکە، زۆر گرنگە لە دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان، ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەم جۆرە یاسایە، بابەتێکی سادە و ساکار رێکناخات، بەڵکو بابەتێکی یەکجار گرنگ رێکدەخات، بۆیە پێویستە لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی ئەم یاسایە بۆچوونی کەسانی پسپۆڕ لە یاسای مەدەنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان وەربگیرێت، بەتایبەت، هەردوو لایەنی سەرەکی رەهەندی یاسایی: مامۆستایانی زانکۆ و دادوەران. ئەوەی گرنگە لەبەر چاوی یاسادانەری کوردستانی بێت ئەوەیە، دەرنەچوواندنی یاساکە زۆر باشترە لە دارشتنی یاسایەکی بەپەلە و پڕ لە کەلێنی یاسایی، بەمەش کێشەی نەبوونی ڕێکخستنی یاسایی بۆ گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان قووڵتر دەکات لەجیاتی چارەسەری بکات.

لەم روانگەیەش چەند خاڵێکی گرنگ دەخەینە بەردەم یاسادانەری کوردستانی بۆ سوود لێوەرگرتیان لەکاتی ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای تایبەت بەم بوارە، ئەم خاڵانەش پەیوەستن بەو گرفتانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووبەرووی گرێبەستی ئەلیکترۆنی دەبنەوە لە هەرێمی کوردستان، هەروەك لە ڕاپرسیەکە بۆمان دەرکەوت:

1- لەبەر ئەوەی نووسین و واژووی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان جێگەی متمانە نییە و هیچ لایەنێك بە شێوەی فەرمی بەکاری ناهێنێت، بۆیە کلیلی چارەسەری ئەم کێشەیە بریتی دەبێت لە پڕکردنەوەی کەلێنی یاسایی نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەم بوارە.

2- پێویستە لە کاتی دارشتنی ڕەشنووسی یاسای گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان لایەنێکی تایبەت دەستنیشان بکرێت بۆ پەسەندکردنی واژووی ئەلیکترۆنی و نووسراوە ئەلیکترۆنییەکان، و گرنگە لەم بوارە ڕۆڵی دامەزراوەکانی دادنووسی لەبەرچاو بگیرێت، واتە وێرای دادنووسی ئاسایی، دادنووسی ئەلیکترۆنیش بەرجەستە بکرێت.

3- لە هەرێمی کوردستان سیستەمی بانکی، لاوازی پێوە دیارە کە دەتوانین بڵێین کاری بانکی تەنها بۆ ڕەوانەکردنی دراو و سپاردنی دراو بەکار دەهێنرێت نەك کاری دیکە، بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستان پەرە بە سیستەمی بانکی بدات بە جۆرێك بتوانێت بانکێك دابمەزرێنرێت کە بتوانێت لقی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەبێت و باوەڕ پێکراوبێت و کار بە سیستەمی کارتی بانکی بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی پرۆسەی گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان لەڕووی گرفتی پێدانی بەرامبەری گرێبەستی ئەلیکترۆنییەوە.

4- بۆ دەستنیشانکردنی چارەسەری کێشەی پاراستنی بەکاربەر پێویستە چەند بنەمایەك دیاری بکەین تاوەکو بتوانین لە داهاتوودا بەشێکیش لەم کێشەیە چارەسەربکەین، گرنگترین ڕێگەکانی چارەسەری کێشەکان پێکدێن لە پابەندبوون پێش ئەنجامدانی گرێبەست بە ئاگادارکردنەوەی (إعلام) بەکاربەر، و خۆپێناسینی بازرگانە ئەلیکترۆنییەکە بە بەکاربەر. بۆیە پێشنیار دەکەین هەر کەسێك لەڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە هەڵسێت بەدانانی ماڵپەڕی بازرگانی یاخود ئەپڵیکێشنی بازرگانی پێویستە لەسەر ماڵپەڕەکەی خۆی وێنە و شوێنی نیشتەجێبوون و ژمارەی پەیوەندی دابنێت و خۆی بە بەکاربەر بناسێنێت پێش ئەنجامدانی گرێبەستەکە بە زانیاری دروست و تەواوەوە.

5- لەکاتی دانانی یاسایەکی تایبەت بەم بوارە، پێویستە ئەو کەسانەی کاری کڕین و فرۆشتنی ئۆنلاین دەکەن ناوی خۆیان تۆماربکەن لە شوێنی تایبەتمەند کە بۆ ئەم کارە برەخسێنرێت و پێویستە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فرۆشیارە ئەلیکترۆنییەکە ژمارەی مۆڵەتەکەشی لە ماڵپەڕەکەی خۆی دابنێت، بەپێچەوانەوە هەرکەسێك ئاڵوگۆڕی بازرگانی بکات لەگەڵ هەر ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی تۆمارنەکراو ئەوە لەو کاتەدا بەکاربەر خۆی بەرپرس دەبێت لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو. هەروەها بەگرنگی دەزانین یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر کارا بکرێت، هەروەها ڕێگەچارەیەکی گرنگی دیکەش بریتییە لە سانسۆڕدانان لەسەر پیگە و ماڵپەڕە بازرگانییە ئەلیکترۆنییەکان.

## کۆتایی

### یەکەم- دەرەنجامەکان:

1- ئەگەر گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە بێت یان لە ڕێگەی بەرنامەی گفتوگۆکردن (چاتینگ) ئەوا گرێبەستەکە زیاتر بەرەو ڕەزامەندی دەچێت، چونکە لایەنەکانی گرێبەست بۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، بەڵام گرێبەستکردن لە ڕێگەی وێبسایتەکان ئەوانەی گرێبەستی نموونەیی بەکاردەهێنن و ڕێگە بە گفتوگۆی لایەنی بەرامبەر نادەن ئەوا گرێبەستەکە زیاتر بەرەو ملکەچبوون دەچێت نەوەك ڕەزامەندی.

2- بیروڕای ئەوەی کە گرێبەستی ئەلیکترۆنی گرێبەستێکی بازرگانی بێت لەم سەردەمەی ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەچەشنێك کە دەکرێت گرێبەستی ئەلیکترۆنی بازرگانی بێت یا مەدەنی یاخود هەتا گرێبەستێکی کارگێری بێت.

3- لە دەرئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییەی ئەنجاماندا ڕێژەی (%53.49) بەشداربووان زانیاریان هەبوو لەسەر گرێبەستی ئەلیکترۆنی، بەرامبەر ڕێژەی (%46.51)ی بەشداربووان زانیاریان نەبوو لەسەر ئەم گرێبەستە، ئەمەش ئاماژەیەکی باش نییە ئەگەر ئەو پێشکەوتن و زۆر بەکارهێنانەی تۆڕی ئەنتەرنێت لە هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرین.

4- ڕێژەی (%22.22)ی بەشداربووان لە کەسانی دادوەر داوای تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنییان بینیوە، بەرامبەر ڕێژەی (%77.78)ی بەشداربووان هیچ داوایەکیان نەبینیوە سەبارەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی وێرای ڕۆژانە بوونی ژمارەیەکی زۆری گرێبەستی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان و بوونی چەندین کێشەی یاسایی تایبەت بەم گرێبەستانە بەڵام هێشتا ڕادەی گەڕانەوەی لایەنەکان بۆ دادگا کەمە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- ڕێژەی (84.41%)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێیان وابوو نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی کاروباری ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان بۆتە مایەی کێشە دروستبوون، بەرامبەر ڕێژەی (15.59%) کە پێیان وانییە نەبوونی ئەم جۆرە یاساییە بووبێتە مایەی دروستبوونی کێشە.

6- هۆکاری بوونی کەلێنی یاسایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق تایبەت بە گرێبەستی ئەلیکترۆنی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکانی عێراقی ژمارە (78)ی ساڵی 2012، لە دوای ساڵی 1992 دا دەرچووە، بۆیە بەبێ بەرکارکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە هەرێم کاری پێناکرێت، و لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا (ساتی نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیە) پەرلەمانی کوردستان یاسای ئاماژەپێکراوی بەرکار نەکردووە.

7- بۆ لابردنی ئاستەنگی یاسایی لەبەردەم گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی سێ ڕێگەمان لەبەردەمە، یەکەمیان بەرکارکردنی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012، ئەمەش بەباش نازانین لەبەر ئەو هۆکارانەی باسمان کردن، دووەمیان هەمووارکردنی پیادەکردنی یاسای ناوبراو لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش هەروەك ڕێگە چارەی یەکەم جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێت بۆیە بەدوورمان زانی، سێیەمیان دەرچوواندنی یاسایەکی نوێ و تایبەت بە گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.

8- دەرچوواندنی یاسایەکی نوێ و تایبەت بە گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان باشترین بژاردەیە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان، چونکە بەرکارکردنی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012 لە هەرێمی کوردستان وەك خۆی، یان بەرکارکردن و هەمووارکردنی پیادەکردنی، چەند لایەنێی نەرێنی دەبێت، یەکەمیان یاسای ئاماژەپێکراو ساڵی 2012 دەرچووە، واتە نزیکەی دە ساڵ بەر لە ئێستا، ماوەی دە ساڵیش زۆرە بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و گۆڕانی ڕێکارەکان، و زۆر پرۆگرام و تەکنیك و شێوازی ئەلیکترۆنی ئێستا بوونیان هەیە کەچی لە ساڵی 2012دا نەبوون، بۆیە نابێتە یاسایەکی تەواو سەردەمیانە. دووەمیان، خودی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012، بەشێکی لە ماددەکانی کێشەی تێدایە و لە ئێستادا حکومەتی فیدراڵیش لە هەوڵی ئەوەدان ئەو ماددانەی یاسای ناوبراو هەموار بکەنەوە. لەلایەکی دیکەدا لە ساڵی 2020 بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان – عێراق، بڕیاردراوە بەوەی هیچ یاسایەکی عێراقی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرێم وەکو خۆی یان بە هەمواركراوی جێبەجێ نەكرێت، بەڵكو هەرێم دەبێت خۆی یاسای نوێ بۆ هەر بابەتێك پێویست بكات دابڕێژێت.

9- ڕەشنووسی ئامادەکراو لە لایەن پەرلەمانی كوردستان بۆ مامەڵە ئەلیكترۆنییەكان، هەمان ستایلی یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012ی ئیتیحادی بەكارهێناوە لە رووی شەكلی و بابەتییەوە، بەڵام هیچ بەشێك نییە لەناو ئەم ڕەشنووسە تایبەت بێت بە گرێبەستی ئەلیكترۆنی، وێرای ئەوەی لەم رەشنووسە پێناسەی گرێبەستی ئەلیكترۆنی کراوە، کەچی لە تەواوی ڕەشنووسی یاساکە دووجار ئاماژەكراوە بە گرێبەستی ئەلیكترۆنی، یەكەمیان لە ماددەی (14)ی رەشنووسەكە، دووەمیانیش لە بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (15)ی رەشنووسەكە، بەمەش پێمانوایە ڕێكخستنی یاسایی گرێبەستی ئەلیكترۆنی لەم رەشنووسە یاسایەدا زۆر لاوازە بەراورد بە یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012ی ئیتیحادی.

**دووەم- راسپاردە و پێشنیارەكان:**

1- دەرچوواندنی یاسایەكی نوێی سەردەمیانە لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە تایبەت بە گرێبەستی ئەلیكترۆنی، ئەمەش چەند خاڵێكی ئەرێنی دەبێت، لەوانە ئەم یاسایە بەناوی هەرێمی كوردستان دەبێت و تیایدا دەكرێت رەچاوی پێداویستییەكانی خۆمان بكەین، دووەم شت یاسایەكی سەردەمییانە دەبێت چونكە لەوانەیە لە ساڵی 2022 دەربكرێت، هەروەها دەكرێت سوود لە یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 2012 و یاسا سەردەمییەكانی دیكەش وەربگیرێت بۆ دارشتنی ئەم یاسایە.

2- پێشنیار دەكەین بابەتی گرێبەستی ئەلیكترۆنی زیاتر جەختی لەسەر بكرێت و ووردتر مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت لە لایەن پەرلەمانی كوردستانەوە، لە ڕێگەی بەشداری پێكردنی كەسانی شارەزا و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی لەپێش هەموویان مامۆستایانی زانكۆ و دادوەرەكان، چونكە بەبۆچوونی ئێمە، دەرنەچوواندنی یاسا زۆر باشترە لە دارشتنی یاسایەكی بەپەلە و پڕ لە كەلێنی یاسایی، بەمەش كێشەی نەبوونی ڕێكخستنی یاسایی بۆ گرێبەستی ئەلیكترۆنی لە هەرێمی كوردستان قووڵتر دەكات لەبری ئەوەی چارەسەری بكات.

3- کاراکردنی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر، و سانسۆڕدانان لەسەر پێگە و ماڵپەڕە بازرگانییە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بەخشینی جۆرە سەقامگیرییێك بە گرێبەستکردنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم- کتێبەکان:**

1- د. إبراهيم الدسوقي أبو الليل، الجوانب القانونية للتعاملات الإلكترونية، ط1، جامعة الكويت، 2003.
2- آمانج رحيم أحمد، التراضي في العقود الإلكترونية عبر شبكة الإنترنت، دراسة مقارنة، ط1، دار وائل للنشر، عمان، 2006.
3- بسمان نواف الراشدي، عقود التجارة الإلكترونية وقواعد إبرامها، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، 2015.
4- د.خالد ممدوح إبراهيم، إبرام العقد الإلكتروني، ط1، دار الفكر الجامعي، بيروت، 2008.
5- د. رباحي أحمد، الطبيعة القانونية للعقد الإلكتروني، جامعة حسيبة بن بو علي، شلف، الجزائر، بلا.
6- د. سامح عبدالواحد التهاني، التعاقد عبر الإنترنيت، دار الكتب القانونية، مصر، 2008.
7- سمير حامد جمال، التعاقد عبر تقنيات الاتصال الحديثة، دراسة مقارنة، ط1، دار النهضة العربية، القاهرة، 2006.
8- د. شحاتة غريب شلقامي، التعاقد الإلكتروني في التشريعات العربية، دار الجامعة الجديدة، الأزاريطة، 2008.
9- د. صالح المنزلاوي، القانون الواجب التطبيق على عقود التجارة الإلكترونية، دار الجامعة الجديدة، الإسكندرية، 2008.
10- عباس العبودي، قانون التوقيع الإلكتروني والمعاملات الإلكترونية رقم (78) لسنة 2012، مكتبة السنهوري، 2018.
11- عبدالرحمن بن عبدالله السند، الأحكام الفقهية للتعاملات الإلكترونية، ط1، دار الوراق، الرياض، 2004.
12- د. عبدالرزاق أحمد السنهوري، الوسيط في شرح القانون المدني، ج2، دارالفكر، بيروت، 1998.
13- محمد أمين الرومي، النظام القانوني للتحكيم الإلكتروني، ط1، دار الفكر الجامعي، الإسكندرية، 2006.
14- د. محمد حسين منصور، المسؤولية الإلكترونية، دار الجامعة الجديدة، الإسكندرية، 2003.
15- د. مصطفى أحمد أبو عمرو، مجلس العقد الإلكتروني، دراسة مقارنة، دارالجامعة الجديدة، الإسكندرية، 2011.

**دووەم- ماستەر و توێژینەوەکان:**

1- رواقي سميحة ومتناني خلود، النظام القانوني للعقد الإلكتروني، رسالة ماجستير، الجزائر، 2019.

2- د. قيدار عبدالقادر صالح، إبرام العقد الإداري الإلكتروني وإثباته، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد (10)، العدد (37)، 2008.

3- لما عبدالله صادق سهلب، مجلس العقد الإلكتروني، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين، ٢٠٠٨.

4- محمد عمر علي، شكلية الانعقاد في التعاقد الإلكتروني، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة صلاح الدين – أربيل، 2016.

5- د.ندى زهير الفيل، إبرام العقد الإلكتروني من قبل المعوق بكلتا يديه، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد (١٤)، العدد (٥١)، ٢٠١١.

6- يحيى يوسف فلاح حسن، التنظيم القانوني للعقود الإلكترونية، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين، 2007.

**سێیەم- یاسا و بڕیارەکان:**

1- یاسای مەدەنی عێراقی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١.

2- یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکانی عێراقی ژمارە (78)ی ساڵی 2012.

3- یاسای مامەڵە ئەلیکترۆنییەکانی لوبنانی ژمارە (81)ی ساڵی 2018.

4- بڕیاری پەرلەمانی کوردستان - عێراق، ژمارە (11) لە 31/8/ 1992 دەرچووە.

5- رۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە (4256) لە رێکەوتی 5/11/2012.

**چوارەم- چاوپێکەوتنە کەسییەکان:**

1- چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ بەڕێز (د.رێواز فائق) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق/ خولی (9)ی پەرلەمانی کوردستان، شوێنی چاوپێکەوتن لە حەرمی پەرلەمانی کوردستان، لە رێکەوتی 9/2/2021.

2- چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ بەرێز (د. ڤالا فەرید) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، شوێنی چاوپێکەوتن لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق/هەولێر، لە رێکەوتی 22/2/2021.

3- چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ بەڕێز (منى قەهوەچی) سکرتێری پەرلەمان/ خولی (9)ی پەرلەمانی کوردستان، شوێنی چاوپێکەوتن لە حەرمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، لە رێکەوتی 9/2/2021.

4- چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ پەرلەمانتاری بەڕێز (ئازاد اکرم کورەچی) ئەندامی لیژنەی رۆشەنبیری پەرلەمان/ خولی (9)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، شوێنی چاوپێکەوتن لە حەرمی پەرلەمانی کوردستان، لە رێکەوتی 2021/2/9.

5- چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ پەرلەمانتاری بەڕێز (بژار کۆچەر) سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان/ خولی (9)ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، شوێنی چاوپێکەوتن لە حەرمی پەرلەمانی کوردستان، لە رێکەوتی 2021/2/24.

6- چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ پەرلەمانتاری بەڕێز (سارە دڵشاد) ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان/ خولی (9)ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، شوێنی چاوپێکەوتن لە حەرمی پەرلەمانی کوردستان، لە رێکەوتی 2021/2/9.

## The Problamatic of Non-Excestence of Legal Regulation of Electronic Contract in Kurdistan Region and its Solution

**Asst. Prof. Dr. Hewa Ibrahim Qadir Al-Haidary**
Law Department, College of Law, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hewa.qadir@su.edu.krd

**Jinan Mokaram Ahmed Barzanji**
Law Department, Faculty of Law, Political Science and Managment, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
Jinan.mukaram@gmail.com

***Keywords:*** *Civil law, e-Contract, Legislative gap, Kurdistan Region, Kurdistan Parliament.*

## Abstract

One of the most important problems facing electronic contracting in the Kurdistan Region is the absence of a special law regulating this type of contracts, despite the existence of a special law in Iraq, which is the Electronic Signature and Electronic Transactions Law No. (78) of 2012; Which led to the existence of a large legal gap in the region, which impeded the conclusion of the electronic contract in the region and

destabilized it, and here a series of questions arise, including: Why is there not yet a law for electronic contracting in the Kurdistan Region? Why was the said law not implemented in the region? Does the Kurdish legislator not have an intention to enforce the mentioned law in the region? Or issuing a new legislation to regulate electronic contracting in the region? Therefore, the objectives of the research were to present the problem of the absence of such a legal regulation and how to address it, and we concluded that the best solutions to fill this legislative gap related to electronic contracting in the region is the issuing of a new modern law by the Kurdistan Parliament.

---

# إشكالية عدم وجود تنظيم قانوني للتعاقد الإلكتروني في إقليم كوردستان – العراق ومعالجتها

**ملخص**

إن من أهم الإشكاليات التي تواجه التعاقد الإلكتروني في إقليم كوردستان – العراق هو عدم وجود قانون خاص بتنظيم هذا النوع من العقود على الرغم من وجود قانون خاص به في العراق، وهو قانون التوقيع الإلكتروني والمعاملات الإلكترونية رقم (78) لسنة 2012؛ الأمر الذي أدى إلى وجود فراغ قانوني كبير في الإقليم، مما ترتب عليه إعاقة إبرام العقد الإلكتروني في الإقليم وزعزعة استقراره، وهنا تثار مجموعة أسئلة، منها: لماذا لا يوجد لحد الآن قانون خاص بالتعاقد الإلكتروني في إقليم كوردستان؟ ولماذا لم ينفذ القانون المذكور في الإقليم؟ ألا يوجد لدى المشرع الكوردستاني نية لإنفاذ القانون المذكور في الإقليم؟ أو تشريع قانون جديد لتنظيم التعاقد الإلكتروني في الإقليم؟ لذلك تمثلت أهداف البحث في عرض إشكالية عدم وجود مثل هذا التنظيم القانوني وكيفية معالجتها، وتوصلنا إلى أن أفضل الحلول لسد هذا الفراغ التشريعي الخاص بالتعاقد الإلكتروني في الإقليم هو تشريع قانون جديد مواكب للعصر من قبل برلمان كوردستان.

**الكلمات المفتاحية**: قانون مدني، عقد إلكتروني، فراغ تشريعي، إقليم كوردستان، برلمان كوردستان.